به بیانووی رۆژی جیهانی منالاّن

# بۆ منالّه ژین تالّه‌کان.!

محه‌مه‌دی که‌ریمی
رۆژنامه‌نووسی سه‌ربه‌خۆ
2005 / 5 / 26

له‌و شوێنانه‌ی که شه‌وپه‌رستان حاکم و ده‌سکه‌لای ده‌سه‌لاّتن، منالاّن به تفه‌نگی یاری دارینه‌ی ده‌ستکرده‌وه به‌ره‌و مه‌یدانی سان و ڕێژه ده‌به‌ن ، بۆ ئه‌وه‌ی فێریان که‌ن، که ڕۆژێک له ڕۆژان، ده‌توانن ئه‌م تفه‌نگانه بکه‌ن به چه‌کی واقیعی و ته‌قه‌ی پێبکه‌ن.....!
ئه‌رکی هه‌موو مرۆڤێکی پێگه‌یشتووه که به‌ر به‌م بازرگانییه خوێناوییه بگرێت و با نه‌هێڵن چیدی بازرگانه سیاسییه‌کان گاڵته به هه‌ستی ناسکی منالاّنی بێگه‌رد و بێ غه‌ل و غه‌ش بکه‌ن، لۆ قازانج و مه‌سڵه‌حه‌ت و به‌رژه‌وه‌ندی شه‌خسی و لۆ گیرفانی ناموباره‌کی خۆیان.

ئاگه‌داری و په‌روه‌رده‌کردنی دروستی منالاّن حوکمی هه‌موو ویژدانێکی زیندووه. ئه‌و منالاّنه‌ی که به هه‌ق سه‌رمایه و ده‌ستمایه‌ی دوارۆژی گه‌ل و ولاّته‌که‌یانن.

ئه‌رکی سه‌ره‌کی حکومه‌ته ، ده‌روازه‌ی گشت ئه‌و چاڵه ڕه‌شانه ببستێت که بۆ پڕ کردنی هه‌مبانه‌ی ته‌ماح و لۆ کۆ کردنه‌وه‌ی هه‌رچی زیاتری ماڵی دنیـا، منالّه برسییه ژین تالّه‌کان ده‌چه‌وسێننه‌وه.!

شوێنی منالاّن ،مه‌کته‌ب و قوتابخانه و ناوه‌ندی یارییه جۆراوجۆره‌کانی منالاّنه، بۆ ئه‌وه‌ی سروشت و ده‌رون و ڕوانیان به‌و په‌ڕی خۆشه‌ویستییه‌وه پڕ بێت له شادی و خۆشی و جه‌فه‌نگ و گاڵته بکه‌ن به ناخۆشی، نه‌ک له سه‌نگه‌ری شه‌ڕ و له دالاّنی تاریک و له ناو چاڵه‌ره‌شه‌کانی کار، بۆ دۆزینه‌وه‌ی پاروه نانێک و قومه‌ئاوێک بولێنه‌وه و له ساحه‌ی به‌ربه‌ره‌کانێی سیاسی و ئیداری و له مه‌یدانی سه‌ربازی و حیزبیدا بتلێنه‌وه و که‌ڵکی به ناهه‌قیان لێوه‌ربگیرێت.
ئه‌شێ هه‌موو ئیمکانێکی پێویستی بۆ منالاّن دابین بکرێت بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌م خونچه گولاّنه به ده‌نگ و ڕه‌نگی خۆیان بپشکوێن و بۆ ئه‌وه‌ی بتوانن بۆنی خۆشی خۆیان به‌سه‌رگشت لایه‌کدا په‌رش و بڵاو بکه‌نه‌وه و بۆ ئه‌وه‌ی ببنه دارێکی پڕ به‌ر و بووم و به‌ری شیرین بێنن به دیاری ، لۆ خۆیان و لۆ گه‌ل و ولاّتی خۆشه‌ویستیان.

له‌م هه‌زاره‌دا که وا ده‌ستی پێکردووه، هیوای گشت لایه‌ک ئه‌وه‌یه، که ده‌سه‌لاّتدارانی ولاّت به‌زه‌ییان به منداڵدانی ئه‌و دایکانه‌دا بێت که وا خه‌ریکن داهاتوو ده‌زێنن.

هێشته‌که‌یش له زۆر ولاّتانی ته‌نانه‌ت پێشکه‌وتوو، به چاویلکه‌ی پله دوو ده‌ڕواننه ئافره‌ت. هه‌ر بۆیه ئه‌رکی هه‌موانه که ژن له‌م به‌نده رزگابکه‌ن، بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌وانیش به مافی ره‌وای خۆیان بگه‌ن و پێیشیان بسه‌لمێندرێت که ئه‌رکی وان، ته‌نیا دانیشتن و به‌رهه‌مهێنانی شێری نێر نییـه. هه‌روه‌ها، هه‌موویش باوه‌ر به‌م گووته‌یه‌ی ناپلئـون بناپارت بهێنین که ده‌ڵێـت : ژن ، به‌ده‌سـتێک لانک و به ده‌ستێکیتری دنیـا ڕاده‌ژێنێـت و ئافره‌تیش مرۆڤێـکه هه‌وتای پیاو و گیانله‌به‌رێکه یه‌کسان و به‌رانبـه‌ر له گه‌ڵ پیاودا.

ئه‌رکی حکومه‌ت و چاودێرانی کۆمه‌لاّیه‌تی و گشت ئه‌و به‌شانه‌یه که په‌یوه‌ندییان به به‌شی منالّه‌کانه‌وه هه‌یه، له داڕشتنی پلان و ڕێکخستنی ده‌رفه‌ت و به مه‌به‌ستی نه‌هێشتنی دیارده‌ی کار پێکردنی منالاّنی خوار ته‌مه‌ن 18 ساڵه تێبکۆشن. جگه له‌وه‌یش گۆڕینی سیسته‌می په‌روه‌رده و فێرکردن به شێوه‌یه‌ک له گه‌ڵ واقیعی ئیستای کۆمه‌ڵگه‌دا بگونجێت که منالاّنی تێـدا ده‌ژین، به جۆرێک ئه‌و ئاواتانه بگرێته خۆی که منالّه‌کان پڕ به دڵ ئاره‌زوی ده‌کـــه‌ن.

ئایه‌نده ، به ئامێزی منالّه‌کان بالاّ ده‌گرێت.

ئەوە ڕاستە کە پتر لە دە ساڵە لە کوردستان و بە پێی ئیمکان بۆ دابینکردنی ژینگەی دروست هەوڵ دەدرێت، بەڵام هێشتەکەیش زۆر لە مناڵە هەژارەکان ژینیان ترش و تاڵ و سوێر. بۆیە پێویستە هەموو مناڵەکان وەک یەک هەست بە بـــوون و کاریگــەری خۆیان بکەن لە ناو باوەشی گەرمی دایکی نیشتمانی شۆخ و نازداری خۆیاندا